# لێبردنی ئەدەبی
# لە چیرۆکی خورشید-ی نورەدین زازا دا

**د. بوشرا قادر کاکە محەمەد**

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

Bushra.kaka@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم باسەی ئێمە کە بە ناونیشانی ((لێبردنی ئەدەبی لە چیرۆکی خورشیدی نورەدین زازا دا))یە، کارمان لەسەر چیرۆکی "خورشید"ی نورەدین زازا کردووە. لە سەرەتادا لە چەمك و زاراوەی لێبردن دواوین، پاشان لە چوارچێوەی تیۆری ئەدەبیدا، ئاماژەمان داوە بەو زاراوانەی هاوسێیەتییان لەگەڵ لێبردندا هەیە، وەك: وەرگرتن، ئەدەبی بەراوردکاری، دەقئاوێزان، تێهەڵکێش، وەرگێڕان، لاساییکردنەوە. هەر یەکە لەمانە مانای جیاوازیان هەیە لە لێبردن، لەو ڕوانگەوەی لێبردن چەمکێکە، بەرامبەر بە بارێك بەکاردێت، کاتێك نووسەرێك، بەرهەمی نووسەرێکی تر بە دەقاودەقی وەك خۆی، یان بە کەمێك دەستکارییەوە، بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکە، بەناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە. بەو جۆرەی کە دەست ببات بۆ بەرهەمی کەسێکی تر و وەك هی خۆی بیناسێنێت. لەم دیدەوە کارمان لەسەر چیرۆکی خورشیدی نورەدین زازا کردووە، کە وەرگیراوە لە چیرۆکی باوکی "بیۆرنس بیورنسۆن" بێ ئەوەی ئاماژە بە بردنەکە بدات. ئێمە هەردوو دەقەکەمان بەراوردکردووە و دەقە ڕەسەنەکەشمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کۆتایی باسەکەدا هەردووکیمان داناوە. ئەوەشمان نیشان داوە، کە دەستکاریکردنی چیرۆکەکە لە چ ئاستێکدا بووە و بە چ مەبەستێك بووە. لە باسەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی بەراوردکاریمان کردووە.

**وشەی سەرەکی:** دزیی ئەدەبی، وەرگرتن، چیرۆك، دەقئاوێزان، لێبردن.

## یەکەم: چەمک و زاراوە

زاراوەی لێبردنی ئەدەبی، کە هەندێك جار وشەی بە قەرزهێنانیشی لەگەڵ بەکاردێت، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Plagiarism) پلیجیریزمی بۆ دانراوە و هاوتای وشە گریکییەکەیە. بەکارهێنانی بەم مانایەی ئەمڕۆ دراوەتە پاڵ شاعیری داشۆرین: مارکۆس ڤالیرۆس مارتیلیۆس لە سەدەی یەکی زایینیدا، وشەکەی وەك نازناوێك بۆ ئەو کەسانەی بەکاردەهێنا کە شیعرەکانی ئەویان دەدایە پاڵ خۆیان و مەبەست لێی تالانکەر و فریودەر بوو. لە زمانی عەرەبیدا وشەی (السرقة الادبية) و فارسی (دزدی ادبی، سرقت ادبی) و زمانی کوردیش (دزیی ئەدەبی) بۆ دانراوە و ئێمە پێمان وایە دەشێت لێبردنی ئەدەبیش بکەینە هاوواتای. کە ماناکەی بردنی بەرهەمی هزری کەسێکی ترە و وەك بردنی هەر شتێکی تر کە لە ژیانی ئاساییدا ڕوودەدات، بە دز-ی دەناسرێت ((کەسێکە بەپەنهانی شتی ئەم و ئەو ببا)) (خاڵ، ٢٠٠٥، ١٨٦) وەك چەمکیش لێبردنی ئەدەبی: ((دزی بیرۆکەیەکە دەکرێت پلۆتی گێڕانەوەیەك یان شانۆیەك بێت یان پارچەیەك لە دەقێکی نووسراو، کە تێدا بێ ئاماژەدان بە سەرچاوە سەرەکییەکەی وەك بەرهەمی خود بناسرێن. دزیی ئەدەبی هەمیشە بە ئاسانی جیاناکرێتەوە، لە لاسایی و کاریگەری و وەرگرتن، بەڵام دەتوانرێت بەهۆی مەبەستی ناپاك و ساختەکارییەوە بناسرێتەوە. ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات، پێیدەوترێت، دزی ئەدەبیات.)) (Cuddon،194،2012). دزی یان لێبردنی ئەدەبی بەو بارە دەوترێت، کە کەسێك بەرهەمی نووسەرێك، دەقاودەق یان بە کەمێك دەستکارییەوە وەربگرێت و بەناوی خۆیەوە بیخاتەڕوو، کەسەکە وەك دز ناودەبرێت، کە دەستدرێژی کردۆتە سەر کەسێك و بەرهەمەکانی بۆ خۆی بردووە. سنووری دزی ئەدەبی، فراوانە و پەیوەستە بە چەندان لایەنی ترەوە بۆ نموونە جۆرەکانی لاسایی: (لاسایی شێواز، بابەت، قاڵب). و جۆرەکانی دەقاوێزانیش دەگرێتەوە، کە ئەمانە لە لای نووسەرانی ڕۆژئاوایی وەك ڕووی ئەرێنی تەماشا دەکرێن و بە هۆکاری بەرەوپێشچوونی نووسەر ئەژمار دەکرێن و پرۆسەکەش وەك قەرزکردن یان خواستن تەماشا دەکەن. (داد، ١٣٨٣،٢٩٠). دزی ئەدەبی لە ڕەخنەی

کۆندا، جۆرەکانی دیاری کراوە، شەمس قەیسی ڕازی، چوار جۆری دیاری کردووە کە بریتین لە: (انتحال، سلخ، المام، نقل) (رازی، ٤٦٠)

**- دانەپاڵ (انتحال):** بەو مانایەی کەسێك بەرهەمی کەسێکی تر، دەقاودەق، یان بە گۆڕانێکی زۆر کەمەوە بداتە پاڵ خۆی و وەك بەرهەمی خۆی بیناسێنێت.

**- داماڵین/ گروون (سلخ):** هێنانی مانای شیعر یان بەرهەمەکەی، بە جۆرێك کە دەستکاری پێکهاتەکەی بکرێت، یان ئاڵوگۆڕی دەستەواژە و بڕگەکان بکرێت.

**- توخن کەوتن، دەسبۆبردن (المام):** بەو مانایەی بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمەکە وەربگیرێت و بە جۆریکی تر دابڕێژرێتەوە.

**-گواستنەوە (نقل):** بەو مانایە دێت، کە بەرهەمێك وەربگیرێت و بەڵام بە ئاقارێکی تردا ببرێت، یاخود لەم بابەتەوە بگوازێتەوە بۆ بابەتێکی تر، بە تایبەت لە شیعری کلاسیکدا ئەمە بەرجەستە دەبوو.

عەلائەدین سەجادی لە بارەی دزیی ئەدەبی لە پەخشان و هۆنراوەدا دەڵێت: ((کابرا دێنێ هۆنراوی یەکێکی تر ئەکا بە هی خۆی و ناوی خۆی لێ ئەنێ، وە یا تۆزێ سەر و گوێلاکی ئەکا و ئەڵێ ئەمە هی منە!. هەروەها لە پەخشانیشا ئەم ئیشە ئەکرێ. ئەم هی یەکێکی تر بە هی خۆکردنە لە دزی ماڵ و سامان خراپترە، چونکە فیکردزین، دزینی مێشکێکی ڕۆحییە، ماڵ دزین سامانی ماددییە، ڕۆح لە مادده بەنرخترە)) (سەجادی، ١٩٨٧، ١٥١) پاشان جیای دەکاتەوە چی وەك دەقئاوێزان (کە ئەو بە وەرگرتن ناوی دەبات) دەناسرێت و چیش وەك تێهەڵکێش.

هەر یەك لە زاراوەکانی لاساییکردنەوە، ئەدەبی بەراورد و دەقئاوێزان، پەیوەست دەبنەوە بە باسی دزیی ئەدەبییەوە و لە ئێستا و ڕەخنەی نوێدا دەقئاوێزان جێی بە زۆرێك لە زاراوەکانی تری ئەم بوارە لێژ کردووە. بۆ بەرچاوڕوونی ئاماژە دەدەین بەو زاراوانەی مانایان ناڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دزیی ئەدەبییەوە و زۆر جار تێکەڵکردنی لێدەکەوێتەوە.

## دووەم: زاراوەی هاوسێ

### ١.لاساییکردنەوە/ میمیسیس

زاراوەی لاساییکردنەوە، بەرامبەر بە (محاکات و میمیسیس)ە، هەندێك لە نووسەران پێیانوایە وشەکە بۆ زمانی کوردی پڕاوپڕی مانا گریکییەکەی نییە، چونکە لاساییکردنەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ماناکەی سووکایەتیکردن دەگەیەنێت و کەسێك لاسایی کەسێکی تر بکاتەوە، ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ویستوویەتی سووکایەتی پێبکات و لەبەردەم ئەوانی تردا ڕسوای کات (سیوەیلی: ٢٠٢١، ٤٥)، هەرچەند مانای لاسایی لە زمانی کوردیدا تەنها نەرێنی نییە بۆ کەسی بەرامبەر، جاری وایە، لەنگییەکە بۆ کەسەکەی لاسایی دەکاتەوە، پێی دەوترێت لاساییکەرەوە. دواجار وشەکە دەشێت لە بەکارهێنانەکەیدا هاوواتای تەقلید و دەرهێنانەوە و دووبارەکرنەوە بگەیەنێت.

زاراوەی میمیسیس بۆ یەکەم جار وەك چەمکێکی ئەدەبی لە لایەن ئەرستۆوە لە کتێبی هونەری شیعر (ئەرستۆ، ٢٠٠٤)دا خرایە ڕوو. بەر لەو ئەفلاتوون سەبارەت بە شاعیرەکان وتبووی: کە ئەوان لاساییکەرەوەن، لاسایی لاسایی دەکەنەوە، بەو مانایەی توانای سەلماندنی ئەوەیان نییە کە دەیڵێن. بەڵام کاتێك ئەرستۆ "هونەری شیعر"ی نووسی، وشەی لاسایی لە مانا نەرێنییەکەوە گواستەوە، بەوەی کە هەموو هونەرەکان لاساییکردنەوەن و هاوتا دەشێت داهێنانیش بن. چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەیلی لە لاساییکردنەوە هەیە، ئەمەش پاڵنەرێکی گرنگی فێربوون و گەشەکردن و بیرخستنەکارە. فێربوون چێژێکی زۆری تێدایە، بۆیە کەسانی سادە تا هونەرمەند و شاعیر و فەیلەسوف، چێژ لە فێربوون و لاساییکردنەوە وەردەگرن. ئەرستۆ پێی وایە هەموو بەرهەمێکی هونەری لاساییکردنەوەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەواتایەکی تر((هەموو بەرهەمێکی هونەری جۆرێکە لە میمیسیس، واتە دووبارەکردنەوە. بە تایبەتی دووبارەکردنەوەی یاخود تەقلیدکرنەوەی شتە ئاساییەکان)). (سیوەیلی، ٢٠٢١،٤٦).

**٢.ئەدەبی بەراوردکاری:**

ئەمە وەك زانستێك کار لەسەر بەراوردکردنی ئەدەبی دوو نەتەوە دەکات و جەختی تەواوی لەسەر کارتێکردن و کاریگەرییە بە ڕەچاوکردنی کات و شوێن. بە دوای سەرچاوەی کارتێکەردا دەگەڕێت. بەو مانایەی ((لە هاوپەیوەندیی ئەدەبی جیاجیا، دەکۆڵێتەوە. بە واتایەکی تر خەریکی توێژینەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، کاریگەری، ئاڵوگۆڕ و لێك وەرگرتن، چوونیەکی پۆلێنکاری، هەروەها پرۆسەی تایبەتمەندی گۆڕانی ئەدەبی نەتەوەییش دەبێت.)) (قادر محەمەد، ٢٠١١، ٨٢). ئەوەیشی دەیبەستێتەوە بە بابەتی دزی ئەدەبییەوە، فراوانیی بوارەکەیە، کە تەنها نابەسترێتەوە بە خواست و قەرزوەرگرتنی ڕاستەوخۆی بەرهەمی نووسەری نەتەوەیەکی ترەوە، بەڵکو شێواز و قاڵب و ناوەڕۆکیش دەگرێتەوە. نەك هەر هێندە، بەڵکو هەڵمژینی بەرهەمی نووسەری نەتەوەیەکی تر و دارشتنەوەی بە جۆری تر دەگرێتەوە. کە دەشێت زۆرجار ئەمە بە ڕاڤە بدرێتە قەڵەم. کە نووسەرێك تێگەشتنی خۆی بۆ بەرهەمێکی تر دەخاتەڕوو بە فۆڕمی ئەدەبی. (محمدی، ١٣٨٩، ٦٧). ئەدەبی بەراورد، چاولێکەری و کاریگەری بە هۆکارێك دەزانێت، بۆ گەشەکردنی ئەدەبی نەتەوەیی، چونکە ئەدەبی نەتەوەیی بەهۆی ئەدەبی جیهانییەوە بەرەو کرانەوە و گەشەسەندن دەچێت. ((ئەم ئەدەبیاتە دەتوانێت یارمەتی ناساندنی یەکێتی ئەدەبی نەتەوەکان بدات و لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوە، گەورەترین خزمەت دەبێت بە ئەدەبیاتی جیهانی)) (ساجدی،١٣٨٧، ٦٩). نموونە بۆ ئەم جۆرە لە ئەدەبی کوردیدا، کاریگەری حافزی شیرازییە لەسەر زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیك وەك: مەلای جزیری، نالی، مەحوی. یان لە ئەدەبی هاوچەرخدا، کاریگەری هیریك و کیتس و شیللی لەسەر گۆران (بەرزنجی، ٢٠٠٦)، لە ئەدەبی نوێشدا کاریگەری سوهراب سپهری لەسەر شاعیرانی نوێی پاش ڕاپەڕین بە تایبەت دلاوەر قەرەداغی، جێی سەرنجە (کەسنەزانی، ٢٠١٢)

**٣.دەقئاوێزان:**

زاراوەی دەقئاوێزان، بە مانای تێکەڵبوون و کارلێکی دەقەکان لەگەڵ یەك دێت. جەخت لەسەر پەیوەندیی دەقێك لەگەڵ دەقەکانی تر دەکاتەوە. ئەم تیۆرە لەو بڕوایەدایە کە هەموو دەقێك لەسەر بنەمای دەقەکانی بەر لە خۆی بونیاد دەنرێت، لە جیهاندا هیچ دەقێك نییە سەربەخۆ و تاقانە هاتبێتە بوون، هەمیشە کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەقەکانی بەر لە خۆیەوە، جا ئەمە دەشێت بە ئاگایی یان لە نائاگاییدا کاری خۆی بکات. لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوە وا لە دەق دەڕوانرێت کە ((بریتییە لە هەڵمژینی دەقە نادیار و نائامادەکانی دی. هەموو دەقێك مەحکومە بە دەقئاوێزان. لێرەوە دەق یەك خوێندنەوە هەڵناگرێت و بونیادێکی دیاریکراویشی نییە، بەڵکو ژمارەیەکی بێشومار بونیادی هەیە)) (ئەسوەد،٢٠١١، ٨١). جیاوازی دەقاوێزان لەگەڵ دزیی ئەدەبیدا لە چەندان ڕووەوە جێی بایەخە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە دزیی ئەدەبی بە زۆری دەکەوێتە بونیادی ڕووکەشی دەقەوە، بەڵام دەقئاوێزان جەختکردنە لەسەر بونیادی قووڵ و دەلالەتە شاراوەکانی ناو دەق. وێڕای ئەوەی کە دزیی ئەدەبی دوورە لە پڕۆسەی داهێنانەوە، بەڵام دەقئاوێزان پڕۆسەیەکی داهێنانە و پێویستی بە شارەزایی و کارزانی هەیە (مەحمود، ٢٠١٢، ٧٥). دەقئاوێزان دەشێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت و نووسەر ئەدەب و بەرهەمی ئەوانی تر بخاتەوە ناو دەقەکەی. یا خود دەشێت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێت و لە نائاگاییەوە بەرهەمەکانی تر بەشێوەی بیر یان ڕاڤە یان شێوازی تر بێنەوە ناو دەقەکەی. نموونەیەك بۆ دەقئاوێزانی گێڕانەوە باس بکەین کە بە شێوەی ئاگایی و مەبەستدارانە ئەنجامدراوە، دەقئاوێزانی تیۆری داروین و بۆچوونە دەروونشیکارییەکانی زیگمۆند فرۆیدە سەبارەت بە تەوتەم و تابوو و داڕشتنەوەی بە شێوەی نۆڤلێت لە لایەن شێرزاد حەسەنەوە ((بە گوێرەی تیۆرەکەی داروین لە نێو ڕەوە سەرەتاییە مرۆییەکاندا تەنها ڕووبەڕووی باوکێکی تووڕە و ئینکار دەبینەوە، کە گشت مێینەکانی ناو گرووپی بۆ خۆی تەرخانکردووە و بەرەبەرە کە کوڕەکانی گەورە دەبن، لە ڕەوەکە دەریان دەکات)) (فرۆید، ٣٠٧) داڕشتنەوەی تیۆرەکە لای فرۆید لە پێناو نیشاندانی تەوتەم و تابوودا، بەم جۆرەی

لێدێت: ڕۆژێک کوڕ و برا دوورخراوەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە، باوکیان کوشت و خواردیان و بەم جۆرە بوونی باوکیان تێدابرد، کاتێک یەکیان گرت، بوێرییان دروستبوو و لە ڕاستیدا ئەو کارەی کە بە تەنیایی نەیاندەتوانی ئەنجامی بدەن، بە کۆمەڵ ئەنجامیاندا، ئەگەری ئەوەیە پێشکەوتن یان دروستکردنی چەکێک بووبێتە هۆی هەستکردن بە جیاوازییان و بەرەوپێشچوونیان. )) (فرۆید، ٣٠٧).

کۆی بونیادی نۆڤلێتی حەسارو سەگەکانی باوکم لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونانە داڕێژراوە، باوکی سمێڵ بابڕ و بە زەبر و خاوەن دەسەڵات، وەك سەرۆکی بێ ڕکابەر و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، حەسارێکی گەورەی لەژێر دەستدایە، کە خۆی خاوەنی ژنەکانە و کچەکانی ڕۆژ تائێوارە خەریکی شوشتن و پاککردنەوە دوورین و کارکردنن، کوڕەکانیشی لارەمل و بێدەسەڵات و خەسێنراو، هەمووان تەمەنای هەڵاتن و کۆتاییهێنان دەکەن، کوڕی گەورە هان دەدەن و بەوی دەکوژن، بەڵام دواتر هەمووان پاش ئازادی پشت لەم دەکەن و ئەمیش لە تاوانی کارەکەی و کردە پەشیمانیدا تووشی وڕێنە و باری دەروونی قورس دەبێت، گەلە هاودەستەکەشی سەرگەردان و پەرتەوازە دەبن: ((دایکانی دیلم، لە دەڵەمەیەکەوە منیان کرد بەو کورە چەلەنگەی خەنجەر لە کالان دەرکێشم و بیوەشێنم و تا ئەو شەوە هانیاندام لەناوی ببەم و بیکوژم و لەتوکوتی بکەم و فڕێیدەمە دەرەوەی حەسار، تا قەل و داڵ چاوانی هەڵکۆڵن، ئەو چاوانەی هەر ئافرەتێکی جوانی دیبا، دەبوو بۆ هەفتەی داهاتوو بیکڕێت وەك هەر ماینێکی جوان، چەندین جار خوشکەکانم ویستیان دەرمانخواردی بکەن، وەلێ بێهوودە بوو..)) (حەسەن،٢٠١٤، ٨)

**٤. تێهەڵکێش**

لە زانستی ڕەوانبیژیدا، زۆر جار دەقئاوێزان لەگەڵ (تێهەڵکێش)دا ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام عەلائەدین سەجادی بەوە جیایان دەکاتەوە: ((کە وەرگرتنی تێهەڵکێش لە نیوە هۆنراو کەمتر نییە، هی لێی وەرگرتن"دەقئاوێزان" پارچەیە. وە لەمدا، هێما ناکا بە لێی وەرگیراوەکە. زیاتر ئەم لێی وەرگرتنەش هەر ڕووبەڕووی "قرآن" و "حدیث" ئەبێتەوە.)) ( سەجادی، ١٩٨٧، ١٥١) بۆ نموونە سالم دەڵێت:

**لەقا خواهیش دەکەم دائیم کە بنوێنێ وەلێ ناچار**

**ڕەزام حەرفی لە جوابت بشنەوم با لن ترانی بێ**

سالم ئاماژەی بە سەرچاوەکە نەکردووە، چونکە لە ناو چوارچێوەی مەعریفەی ئیسلامیدا، ئاماژەکان دەناسرێنەوە. لن ترانی، ئەو دەستەواژەیە کە لە (سورەتی ئەعراف)دا هاتووە، خودا لە وەڵامی پێغەمبەر موسا دا کە داوای بینین، دەکات دەیفەرموێت.

بەڵام لە تێهەڵکێشدا، بەیتێك یان پارچەیەکی زۆرترە (( تێهەڵکێش ئەوەیە کە هۆنەر نیوە هۆنراو وە یا پارچەیەك لە هی یەکێکی تر ئەخاتە ناو هۆنراوی خۆیەوە و گەلێ جار ناوی هۆنەرە لێوەرگیراوەکەش ئەهێنێ، وەیا لەبەر ناوبانگی هۆنراوەکە هیچ باسی هۆنەرەکەی ناکا. جا ئەو هۆنراوە وە یا ئەو پارچەیە لە هەر زمانێکا بێت)) (سەجادی، ١٩٦٨، ١٠٢). وەك هێمن لە ناڵەی جوداییدا تێهەڵکێشی بەیتە بەناوبانگەکەی مەولانا جەلالەدینی ڕوومی دێنیتەوە و وێڕای ئەوەش ئاماژەی پێدەدات: (موکریانی، ٢٧٠٨، ٢٧٩)

**جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی**

**"بشـــنو از نی چـــــون حکایت می کند از جـــدائی ها شـکایـت مـی کـنـد"**

هەندێك جار ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێ ناکرێت، بەڵام هۆنراوەکە هێندە ناسراوە، پێویست بە ناوهێنان ناکات، بۆ نموونە زۆرێك لە شاعیرانی کورد بەیتەکانی حافزی شیرازییان بە شێوەی جۆراوجۆر هێناوەتەوە ناو هۆنراوەکانیانەوە، هەندێکی وەك گفتوگۆ، هەندێك وەك تەواوکاری، هەندێکیشی وەك گۆڕین و دەستکاریکردن. بۆ نموونە سالم (سالم، ٢٠١٦، ٧٤) بەشێوەی تەواوکاری و گفتۆگۆ نیوەبەیتی دووەمی غەزەلە بەناوبانگەکەی حافزی هێناوەتەوە نێو غەزەلێکی:

**ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە جـــێ ماهـــی جیهان ئـــارا**

**بە خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را**

**لە بن خاری موغەیلان وەسڵ ئەگەر بێ، ئارەزوو ناکەم**

**کنار آب رکن آباد و گلگشت مصـــلا را**

جگە لە تێهەڵکێش، لە ئەدەبی کلاسیکیدا، کاتێك شاعیرێك سەرسام بوایە بە شاعیرێکی دیکە، ئەو شاعیرە هاوزمان یان زمانی تر بوایە، غەزەلێکی لەبەردڵانی دەهێناو لەسەر بنەمای ئەو غەزەلە هۆنراوەی دەهۆنییەوە، بە شێوەی پێنج خشتەکی. بەو واتایەی بۆ هەردوو نیوە بەیتی غەزەلی شاعیرە دێرینەکە، ئەم سێ بەیتی لەسەر بناغەکەی دادەنا بە هەمان سەروای ئەو. ئەم جۆرەش ناوی شاعیرەکە دیار بوو، وەك بەشێك لە سەرسامی و شانلەشاندان دەردەکەوت. کە ئەم دەتوانێت شانلەشانی ئەو شاعیرە بدات و شیعرێك لەسەر ئەوەی ئەو بونیاد بنێت. بۆ نموونە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پێنج خشتەکییەکی لەسەر غەزەلێکی حافزی شیرازی نووسیوە. غەزەلەکەی حافز لە بنەڕەتدا ئەویندارانەیە، بەڵام شێخ ڕەزا بە وەستاییەکی وردەوە گونجاندوویەتی بۆ داشۆرین و بە شێوەیەکی تابووشکێنی سێکسی هۆنراوەکەی بونیاد ناوە، ئاراستەی مەلا مەعرووف کاتیبی بیدایەت-ی کردووە:

**مەعرووفی بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت**
**چیت پێ بڵێم قوڕمساغ هەردوو گونم بە دایەت**
**گونـمی بە تڕ شەهید کرد، ....م ئـەکـا ڕیعایەت**
**"زان یـار دلـنـوازم شـکـریـسـت با شکـایت**
**گر نکـتە دان عشقی خـوش بشنو این حکایت"**

(تاڵەبانی،٢٠١٠، ٤١)

**٥.کردنەوە (حل)**

ئەم شێوازە وەرگرتنی بابەتێکی ناو هۆنراوەیە و داڕشتنەوەیەتی بە شێوازی پەخشانی بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە، ئەم جۆرە لە ڕەوانبێژیی کۆندا وەك کاری هونەرمەندانە ئاماژەی پێدراوە، لە ئێستادا زۆرێك لە ئەدەبی کلاسیکی جیهانی کە بە شیعر هۆنراونەتەوە، بە پەخشان دادەڕژرێنەوە و ڕەوانتر و ڕوونتر دەخرێنە بەردەست، بە جۆرێك کە بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت. نموونەی ئەم جۆرە لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڕینی مەم و زین-ی ئەحمەدی خانییە، لە هۆنراوە بۆ هەقایەت و داڕشتنەوەیەتی بە پەخشان لە لایەن مەلا مەحمودی بایەزیدییەوە. (پیربال،٢٠٠٠)

**٦. هۆنینەوە (عقد):**

پێچەوانەی کردنەوەیە، مەبەست لێی بە هۆنراوەکردنی بەرهەمێکی پەخشانی نووسەرێکی ترە، دەشێت ئاماژەی پێبدرێت ئەو دەم لە چوارچێوەی کاریگەری و دەقاوێزاندا دەمێنێتەوە، ئەگەر ئاماژەی پێ نەدرێت ئەوە وەك دزیی ئەدەبی ئەژمار دەکرێت. بەشێکی زۆری ئەدەبی فێرکاری ئەم شێوازە بەکاردەهێنێت، هەندێك جار بابەتێکی زانستی یان دانراوی کەسێکیان بە هۆنراوە دەهۆنییەوە، تا ئاسان بێت بۆ لەبەرکردن و تێگەیشتن و دەماودەمکردن. نموونەیەکی هۆنینەوە و وەرگرتن، شیعری "گوڵی خوێناو"ی "گۆران"ە، کە وەرگیراوە لە چیرۆکی "بولبول و گوڵ"ی ئۆسکار وایڵد. بەسەرهاتەکە لای وایڵد بە شێوەی چیرۆکە و بەڵام گۆران وەك شیعری شانۆیی هۆنیویەتییەوە. (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ١٠٢)

**٧. وەرگێڕان:**

وەرگێڕان زانستێکی سەربەخۆیە و کاری گۆڕینی بەرهەمێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە ئاماژەدان بەسەرچاوەکە وەك خۆی و گواستنەوەی زانیارییەکان بە ئەمانەتدارییەوە. هەندێك جار وەرگێڕان دەقاودەق وەك خۆی لە زمانێکەوە دەخرێتە سەر زمانێکی تر، هەندێك جاریش وەرگێڕ، دەست دەخاتە دەقەکە و بە ویستی خۆی داڕشتنەوەی بۆ دەکات، لە هەندێك ناوەندیشدا دەستکاری ناونیشان یان ناوی کتێبەکە دەکەن و بگرە کورتکردنەوەش دەکەن. ئەم بوارە بە هەموو جۆرەکانییەوە پرۆسەیەکی دانپێدانراوە، هۆکارێکە بۆ نزیککردنەوەی بیرە جیاوازەکانی دنیا، کە بە زمانی جیاواز نووسراون، کەسی زمانزان وەریدەگێڕێت تا سوودمەند بن لەو بەرهەمە. وەرگێڕان وەك زانستەکە لە چوارچێوەی دوو زمانی جیاوازدایە، بەڵام جاری وایە لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر ئەمە ڕوو دەدات، کە ناوی گۆڕینی بۆ دانراوە نەك وەرگێڕان. بۆ نموونە گۆڕینی شیعرەکانی مەولەوی لە گۆرانییەوە بۆ کرمانجی ناوەڕاست لە لایەن پیرەمێردەوە. گۆڕینی مەم و زینی خانی، لە کرمانجی ژووروووەوە بۆ کرمانجی ناوەڕاست لە لایەن هەژار موکریانییەوە. گۆڕینی چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، لە لوڕییەوە بۆ کرمانجی ناوەڕاست لە لایەن ڕازییەوە.

**٨. کورتکردنەوە:**

جۆرێکی باوی ناو ئەدەبیاتی کۆن بوو، نووسەرێك پوختەیەکی لە بەرهەمی نووسەرێکی تر ئامادەکرد، ئەگەرچی ئاماژەی بە بەرهەمە ڕەسەنەکە دەدا، بەڵام جاری وابوو پوختە و کورتکراوەکە ناوی زیاتر دەبوو لە بەرهەمە ڕەسەنەکە. زۆر جار ئەمە بۆ ئەو بەرهەمانە دەکرێت، کە زنجیرەن و زۆرن. زۆرێك لەو کتێبانەی کورتکراونەتەوە وەك: مێژووی شارستانییەت، کۆمیدیای یەزدانی، ئەلیادە، ئۆدیسە، گلگامیش. نموونەیەکی ئەدەبی کوردی، کورتەی ئۆدیسەیە، لە لایەن هێمنی شاعیرەوە. (هێمن،١٤٠٠) پیرەمێردی شاعیر کورتکردنەوەی وەرگێڕانی بەشێوەی ئاوێتە لە چیرۆکەشیعرێکدا کۆکردۆتەوە. دەگێڕێتەوە کە باوکی بە گەشتێك سەردانی ئێرانی کردووە و هەندێك کتێبی بۆ هێناوە کە تیایاندا کتێبی "مشك و پشیلە"ی تیابووە. دیارە بەیتی مشك و پشیلە لە نووسینی شاعیری فارسی عوبەید زاکانییە (١٣٠٠-١٣٧١ ز)، پیرەمێرد لە دوای ئەو سەرەتایەوە کورتەیەك لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بە هۆنراوە دەخاتە ڕوو. (پیرەمێرد، ٣٨٨)

**لە بیرمە جارێک باوکم بۆ ئێران — بە سەفەر چووبوو سەفەری خێران**
**هەندێ کتێبی بۆ من هێنا بوو — بەیتی پشیلە و مشکیشی تیا بوو**
**نووسیبووی ڕۆڵەی خاوەن عەقڵ و هۆش — بیخوێنەرەوە بەیتی گوربە و موش**
**پشیلە مشکی توخن نەدەکەوت — بە فێڵ خۆی خستە کونجێکی مزگەوت**
**مشکان بە شایی و بە تلی لی لی — دیارییان بۆ برد بە قلی و بلی**
**مژدەیان ئەدا پشیلە عابدە — نەزەر لە مێچکە ناکات زاهیدە**
**بە دڵێکی ساف لێی گردبوونەوە — بە دەست لەملان لێی وردبوونەوە**
**ئەیانوت: ئۆخەی، ئەو سمێڵ جوانە — چۆتە کلیلە، ئەو دەم و دانە**
**زۆریان پێ خۆش بوو کە نایانگرێ — پەلاماری دان کەچی لە پڕێ**
**چوار و پێنجی گرت، بە ڕاست و بە چەپ — سێ و چوارێکیشی هاویشتە ژێر لەپ**
**تۆڵەی ئەو بەینەی پێشووی لێ سەندن — بە زیکە و جووکە سەری هەڵکەندن**
**هەرچەند کە سۆفی بە کەوڵ و پۆست بێ — چۆن باوەڕ ئەکەی جانەوەر دۆست بێ**

**خوویەک سروشتی ئەزەل بیبەخشێ          بــە هیچ ناگۆڕێ بە هیچ نانەخشێ**
**ئاین و ئۆینیش زوو دەردەکـەوێ          درۆزن زەحمەتە نـاشتای بەرکەوێ**

چیرۆکی مشك و پشیلەی عوبەید زاکانی "٩٥" بەیتە و بە دوورودرێژی باسی تەفرە و فێڵی پشیلەی کردووە، کە بە ناوی تۆبەکردن و ڕووکردنە خودا و مزگەوتەوە، لای مشکەکان متمانە بۆ خۆی دروست دەکات، بەڵام دواتر دەست بە ڕاوکردنیان دەکات و جەنگێك بەرپا دەبێت لە نێوان تایەفەی مشکان و تایەفەی پشیلەکاندا، پشیلەکە بە ئەسیری دەگیرێت، پادشای مشکەکان فەرمانی لە سێدارەدانی دەردەکات، بەڵام پشیلەکە کاتێك ئەوە دەبیستێت غیرەتی دەجووڵێت و داوەکانی دەپچڕێنێت و پادشای مشکەکان لە تاوا هەڵدێت و مشکەکانیش هەموویان لە ناودەچن. ئەم چیرۆکە گێڕانەوەیەکی تەنزئامێزانەیە بۆ کەسانێکی بە ڕەچەڵەك بەد، کە خۆیان دەخەنە ناو چوارچێوەی ئایینەوە و لە ڕێگەی ئەوەوە کاری ناڕەوا دەکەن:

**اگر داری تو عقل و دانش و هوش          بیا بشنو حدیث گربه و موش**
**بخوانم از بـرایــت داستانی          که در معنای آن حیران بمانی**
**ای خـردمنـد عـاقـل و دانـا          قصه موش و گربه برخوانا**
**قصه موش و گربه منظوم          گـوش کـن همچو در غلطانا**
**از قضای فـلـک یکی گـربه          بـود چـون اژدهـا به کرمانا**
**شکمش طبل و سینه‌اش چو سپر          شـیر دم و پــلنــگ چـنـگانـا**
**از غـریوش بـه وقت غریدن          شیــر درنــده شـد هراسـانـا**
**سر هر سفره چون نهادی پای          شیـر از وی شـدی گـریـزانـا**
**روزی انـدر شرابخانه شدی          از بــرای شکــار مــوشـانــا**

{زاکانی، ٣٣٠}

**چوارەم: کاری بەراوردکاری**

**- نورەدین زازا (١٩١٩-١٩٨٨)**

نورەدین زازا لە ساڵی ١٩١٩ لە مەعدەن-ی کوردستانی تورکیا لە دایك بووە، وەك یەکێك لە ڕۆشنبیرە خەباتگێڕەکانی کورد دەناسرێت، کە باجی کوردبوونی، زیندان و دەربەدەری و لە تاراوگە ژیان بووە. کۆمەڵێك بەرهەمی هەن لە ناویاندا کۆمەڵێك چیرۆك بۆ ئێمە جێگای باسە کە بە ناوی (کەسکوسۆر) بڵاوکراوەتەوە.(Ceweri، 72 ,2018). لە ناویدا چیرۆکێك هەیە، بە ناوی خورشیدەوە، کە ساڵانێکی زۆر لە پڕۆگرامی خوێندندا لە خوێندنگەکاندا لە بەشی ئەدەبی کوردیدا دەخوێنرا. چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشە و باس لە چارەنووسی باوکێك دەکات، کە ژیانی وابەستەی کوڕەکەیەتی. نورەدین زازا چیرۆکی خورشید، وەك یەکەمین چیرۆکی بە ناوی نورەدین یوسف-ەوە لە ژمارە بیست و حەوتی گۆڤاری هاواردا بڵاودەکاتەوە، کە ئەو کات تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووە. لەم بارەیەوە فەرات جەوەری پێی وایە ((سەرنجڕاکێش ترین کارێك کە زازا ئەنجامی دابێت، چیرۆکەکانییەتی، ئەو لە بواری چیرۆکنووسیندا زۆر بە توانا، تێگەیشتوو و لەچاو ئەو ڕۆژگارانەی خۆیدا نوێکار بوو)). سەبارەت بە چیرۆکی خورشیدیش پێی وایە لەو دەمانەدا مایەی خۆشحاڵیی خوێنەرەکانی بووە (جەوەری،٢٠١٦).

**- بیۆرنس بیورنسۆن**

بیۆرنس تێرن بیورنسۆن (١٨٣٢-١٩١٠) نووسەری نەرویجی، یەکێکە لە نووسەرە نەتەوەدۆستەکان و براوەی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ساڵی ١٩٠٣. خاوەنی چەندان شانۆنامە و چیرۆك و شیعرە، ناوبانگی زۆری لە وڵاتەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ سروودی نیشتمانیی نەرویج، کە نووسراوی ئەوە. چیرۆکی باوك، یەکێکە لە چیرۆکە دیار و جێی سەرنجەکانی و بۆ زۆرێك لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، ئەم نووسەرە لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە کوردستان زۆر کەم ناسراوە.

چیرۆکی باوك، لە بارەی پیاوێکی باڵابەرزی بۆشناخەوەیە، لە گوندێکدا نیشتەجێیە و لە ماوەی ژیانیدا کە ماوەی ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، چوار جار

سەردانی کەنیسەی گەورەی ناوچەکە دەکات و لەگەڵ قەشەی کەنیسەکە چەند گفتوگۆیەك دەکات و داواکاری جیاجیای لێ هەیە. چیرۆکەکە، ڕیتمێکی خێرای هەیە و کۆی ژیانی باوکەکە دەگرێتەوە کە وابەستەی کوڕەکەیەتی. دەستپێکردنی چیرۆکەکە بەشێوەی گرێچنی مێژووییە و لە دەمی هاتنەدنیای کوڕەکەیەوە دەست پێدەکات و بە مردنی کوڕەکەشی کۆتایی دێت. یەکەمین جار کە باوکەکە دێت، داوا دەکات، غوسڵی تەعمید بۆ کوڕە تازە لەدایکبووەکەی بکات، دووەم جار، کوڕەکەی بووە بە شانزە ساڵ و داوا دەکات وەك تاکی مەسیحی بیناسێنێت، جاری سێیەم هەشت ساڵ دواترە، دەیەوێت پەیمانی هاوسەرگیری بۆ کوڕەکەی ئیمزا بکات، دواجاریش ئەو دەمەیە کوڕەکەی مردووە و دەیەوێت بڕە پارەیەکی زۆر بدات بە کەنیسە بۆ خزمەتکردن.

کاتێك تەماشای بونیادی چیرۆکەکە دەکەین، هەست بە ڕیتمێکی دووبارەی دەرکەوتنەوەی باوکەکە دەکەین، دەرکەوتنی لە چوار قۆناغی جیاوازدا، قۆناغەکانی ژیانی "تورد" وەك باوك و کوڕەکەی نیشان دەدات، وەك چیرۆکیش، گێڕانەوەکە لەسەر بنەمای دووبارەیی وێنەکان، لە مەودایەکی کورتی گێڕانەوەدا وایکردووە هەست بە درێژیی ماوەکە بکەین، وەك "یاکوب لۆتە" دەڵێت: دووبارەیی لە چیرۆکەکەدا دەبێتە توخمێکی گرنگ تا دواجار چیرۆکەکە لە هەڵکشانەوە بەرەو گرێ و دواجار داکشانەوە دەچێت: ((هەر یەك لەم دیدارانە قۆناغی گرنگی ژیانی توردن، هەموویان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ڕووداوی نوقومبوونی کوڕەکەی، خاڵی هەڵکشان و گەشتنە لوتکە، وەك گەمەیەکی دەستی چارەنووس دەربکەوێت)) (لۆتە، ١٣٨٨، ٨٤). لە هەموو ئەو ماوانەدا کە دەچێت بۆ کەنیسە، باوکەکە بڕێکی باش پارە پێشکەش بە کەنیسەکە دەکات، تاوەکو سوپاسگوزار بووبێت بەرامبەر بەو ئەرکانەی کەنیسە بۆی ڕادەپەڕێنن. چیرۆکەکە بەهۆی دووبارەیی و کەمیی دیالۆگ و وێنەکانەوە، چیرۆکێکە بە فەزایەکی کپەوە، وەك هێڵکاریی دڵ لە هەندێك شوێندا بەرز دەبێتەوە بەڵام بە گشتی یەك ترپەیە. وەك مەغزای پشت چیرۆکەکەش، بەر کەسێتییەك دەکەوین، کە خۆی سپاردووە بە ژیان، لە دەستی قەدەردایە، هەر

خەڵاتیکی نارد، سوپاسگوزارە، لێشی سەندەوە توورە نییە، چونکە ئەو لە ناو بازنە فراوانەکەی ژیاندا دەزانێت، دەرگایەك بۆ دەربازبوون نییە. بۆیە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا وەك چۆن لە سەرەتاشدا وترابوو، قەشەکە و باوکەکە هاتن و ڕۆشتنی کوڕەکە بە بەرەکەتی خودایی دەزانن.

بە تێڕوانین لە کۆی زاراوە هاوسێکان لێبردنی ئەدەبی دەبینین کە چیرۆکی خورشید، لە چیرۆکی باوکەوە براوە، بە دەستکاری چەند شتێکی کەمەوە خراوەتە سەر زاری کرمانجی. کە یەك یەك ئاماژەیان پێدەدەین:

١.**گۆڕینی ناوی کارەکتەرەکان:** کارەکتەری باوك ناوی توردە، لە چیرۆکەکەی زازادا ناوی، خورشیدە و کە لە زمانی ئێرانی کۆندا بە مانای ڕووناکی هاتووە ئێستاش مانای خۆر دەگەیەنێت. لە باوکدا کوڕە بە ناوی باپیرییەوە ناو دەنرێت فین، لە خورشیددا، مەلای گوندەکە بە ناوی خۆیەوە کوڕەکە ناودەنێت جەمشید، کە ناوێکی کۆنی ئێرانە.

٢.**گۆڕینی سیمای ئایینی:** لە چیرۆکی باوکدا کەسێتی ئایینی باوکی پیرۆز و قەشەیە، ئەو شوێنەشی هەموو جار سەردانی دەکات کەنیسەی گەورەی ناوچەکەیە، چونکە کەنیسەی بچووکی بۆ بەجێهێنانی فەرزی دینی هەفتانە جیایە. لە چیرۆکی خورشیددا کەنیسە کراوە بە مزگەوت و قەشەش بە مەلا.

٣.**گۆڕینی مەبەست:** لە چیرۆکی باوکدا، باوکەکە پاش شانزە ساڵ دێتەوە تا کوڕەکەی وەك گەنجێکی مەسیحی بناسرێت و تەمەنی باڵقبوون و پێگەیشتوویی نیشان بدرێت، بەڵام لە خورشید پاش شانزە ساڵ دێتەوە دەڵێت، خوێندنی تەواو کردووە. کە لە ڕاستیدا نە خوێندنی حوجرە نە هی ئەکادیمی بەو ماوە کەمە تەواو ناکرێن.

٤.**گۆڕینی کۆتایی:** لە چیرۆکی باوکدا، باوك ئەو بڕە پارەیەی پاش فرۆشتنی کێڵگەکەی دەیهێنێت بۆ قەشەکە، تەسلیمبوون و سپاردنە، بێ ڕێگا بۆ دانان، بەڵام لە خورشیددا، پارەکە دادەنرێت بۆ پێگەیاندنی منداڵانی گوند و خوێندەوارکردنیان: مەلاکە دەڵێت: ((جەمشید کوڕێکی باش بوو و خوا لێی خۆشبێت، دەبینم زۆر

کاری تێکردوویت، ئەو شتە لە منیش ڕووی داوە، وەرە با ئەو خۆشەویستییەی خۆمان بدەین بە منداڵانی گوند و لەوان لاوی بە توانا و هەڵکەوتوو پێ بگەیەنین. خورشید لەسەر ئەو قسانەی مەلا بڕێك بیری کردەوە و پاشان سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی مەلای کرد، لە چاوەکانیدا تروسکاییەکی دژوار هەبوو، خورشید تەواوی دی خۆی دابووە منداڵانی گوند.

٥.**چیرۆکی پەیامدار:** ئەوەی چیرۆکەکەی باوکی وەك خۆی هێشتۆتەوە، نەبوونی پەیامی ڕاستەوخۆ و زەقە، بەڵام لە خورشیددا چیرۆکەکە کۆتاییەکی پەیامداری داخراوی دەبێت بەوەی، کە پارەکە خراوەتە خزمەت خوێندن و منالان پاش ئەو چەند ساڵە پێگەیشتوون: ((خورشید بە ماڵ و سامانی، مەلا بە زانستەکانی خۆی بەشیبوویانە میللەت، پاش شانزە ساڵ و لە گوند شایی پێگەیاندنی چل لاوی هەڵکەوتوو و هێژا و خوێندەوار و نیشتمانپەروەر ساز کرا و لەوێدا سەرچۆپی شاییەکەی گرتبووە دەست.))

دواجار ئەوەی لەو گۆڕانکارییە بچووکانەدا دەبینرێت، هەستی نەتەوایەتی زازایە، بۆ هاندان و خستنەڕووی چیرۆکێکی کوردانە، کە ئەو خاوەنی نییە، بەڵام خۆی کردۆتە خاوەنی تاوەکو وەك ڕێنمایی و بەرچاوکرانەوە بۆ کوردی بخاتە ڕوو، هەستی نەتەوایەتیی خۆی دەربخات و هاندەری کوردانی تری ناوچەکە بێت، چونکە لەو دەمەوە تا ئێستاش زمانی کوردی بەردەوام قەدەغە دەکرێت و وەك زمانێکی ڕەسمی دانی پێدانانرێت، بۆیە کاتێك کوڕەکەی دەبێت بە شانزە ساڵ و مەولوودی بۆ دەکات ئاماژە بەوە دەدات، کە بە زمانی کوردی مەولوودەکە دەخوێنرێت، مەلا دەڵێت: جەمشید بەڕێزە، دەبێت ئەو مەولوودەی بە کوردیی بۆ بخوێنم.)). نورەدین زازا لە ژیاننامەکەیدا زۆر لە بارەی ئەوەوە دواوە، کە چۆن نەتەوەکانی تر تەماشای کورد دەکەن، بە تایبەت تورك و عەرەب لە بەشێکدا کە گفتوگۆیەك لەگەڵ ژن و پیاوێکی مامۆستادا دەکەن، دەڵێن شتێك بە ناوی کوردستان نییە، ئەوەی هەیە تەنها خۆرهەڵاتی تورکیایە و هیچی تر: ((... ئەو کوردییەی تۆ باسی دەکەیت هیچ نییە جگە لە زاراوەیەکی تورکی، لە تورکیاش هەروەك هەموو وڵاتانی جیهان زمانی

فەرمی هەیە و لەگەڵ زاراوەی خۆماڵی و بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری ئەو زاراوانە لەناو ئەچن)) (زازا، ۲۰۱۲، ۱۵۱).

**پێنجەم: چیرۆکەکان**

**چیرۆکی باوك**

**بیورنس تیرن بیورنسۆن**

ئەو کەسەی چیرۆکەکە لە بارەیەوەیەتی، دیارترین کەسی ناو حەوزەی کەنیسەکەی (مەبەست لەو دەستە کەنیسەیەیە کە لە ناوچەکەدا هەن و یەکێکان بە گەورەتر دادەنرێت) خۆیان بوو و ناوی تورد ئۆراس بوو. ڕۆژێك هاتە لای قەشە، بەژن زراف دەردەکەوت و بە ڕژدییەوە وتی: من بوومەتە خاوەنی کوڕێك. تکا دەکەم غوسڵی تەعمیدی بۆ بکە.

- ناوی چییە؟

- فین؛ هاوناوی باوکم.

- ئەی باوك دایکە تەعمیدییەکانی؟

تورد ئۆراس، ناویانی برد. ئەم باوك و دایکە تەعمیدییانە، لە باشترین ژنان و پیاوانی ئاواییەکە و خزمانی بوون.

قەشەکە تەماشایەکی کرد و پرسی: قسەی ترت هەیە؟

پیاوە گوندەکییەکە کەمێك وەستا و وتی: تکات لێدەکەم، بە تەنها، غوسڵی بۆ بکە.

- واتە ئەوەی کە لە ڕۆژێکی ناوەڕاستی هەفتەدا، نەك لە یەکشەممەدا، غوسڵی بۆ بکەین. شەممەی داهاتوو، سەعات دوازدەی نیوەڕۆ.

- قەشەکە پرسی: هیچی تر هەیە؟

گوندەکییەکە وتی "نا، هیچی تر نییە" و کڵاوەکەی وەرگێڕا، وەك ئەوەی بیەوێت بڕوات.

قەشەکە هەستا و وتی: چەند وشەیەکم دەویست بیڵێم. و بەرەو لای تورد ڕۆشت. دەستی گرت و تەماشای چاوی کرد و وتی: "ئەم منداڵە بەرەکەتێکە خودا داویەتی بە تۆ!"

شانزە ساڵ دواتر، تورد، دووبارە هاتەوە لای قەشە. قەشە هیچ گۆڕانێکی تیێدا نەدی و وتی: تورد، چەنێك باشە، هەر وەك خۆت ماویەتەوە!

تورد وەڵامی دایەوە: "چونکە هیچ خەمێکم نییە".

قەشەکە بێدەنگ بوو، بەڵام پاش کەمێك پرسی: هیچ کارێکت هەیە وا ئەمشەو هاتوویت بۆ ئێرە؟

- بەهۆی کوڕەکەمەوە هاتووم، سبەی ڕێوڕەسمی تەئیدەکەی (دانپێدانان وەك تاکی مەسیحی) لە کەنیسەکەدا بەڕێوە دەچێت.

- ئەو کوڕێکی وریایە.

- بەر لەوەی هەقی قەشەکە بدەم، دەمەوێت بزانم کە ئەو، لە ڕێوڕەسمەکەدا چەندەم کەسە؟."

- ئەو یەکەم کەسە.

- تێگەیشتم. ئەمەش دە دۆلار بۆ قەشەکە.

قەشەکە تەماشایەکی توردی کرد و پرسی: هیچی ترت هەیە؟

تورد وتی: هیچی ترم نییە" و ڕۆیشت.

هەشت ساڵی تر تێپەڕی و ڕۆژێك، لە بەردەم ژوورەکەی قەشەکەدا، دەنگەدەنگ بەرز بووەوە، کەسانێکی زۆر هاتبوون و توراد لە پێش هەموویانەوە بوو. قەشەکە کە بینینی توردی ناسییەوە و وتی: " ئەمشەو خەڵکانێکی زۆرت لەگەڵ خۆت هێناوە".

" من هاتووم تا داوات لێکەم، لە کەنیسەکەدا ڕایبگەیەنیت کە کوڕەکەی من لەگەڵ کارن ستۆرلید هاوسەرگیری دەکات. ئەو کچی گودمۆندە و گودمۆند ئێستا لە پاڵ مندا وەستاوە.

- ئەو دەوڵەمەندترین کەسی ناوچەکەیە"

- گوندەکییەکە وتی: وا دەڵێن. و قژی بە دەستی ڕێکخست.

قەشەکە کەمێك وەستا و کەوتە بیرکردنەوە. هیچی نەوت و ناوەکانیانی لە ناو دەفتەرەکەیدا تۆمار کرد. ئەو دووانەش لە ژێریدا ئیمزایان کرد. تورد سی دۆلاری لەسەر مێزەکە دانا و ڕۆیشت.

قەشەکە وتی: یەك دۆلار بەسە.

- دەزانم؛ ئەو تاقە منداڵی منە، دەمەوێت ئەم کارە بەباشی بەڕێوە بچێت.

قەشەکە پارەکەی هەڵگرت.

- تورد، ئەمە جاری سێیەمە کە لەبەر کوڕەکەت دێیت بۆ ئێرە.

تورد وتی: بەڵام ئەمجارە، کارەکەمی لەگەڵ تەواو ئەکەم. جزدانەکەی هەڵگرت و خواحافیزی کرد. هاودەمەکانیشی لەگەڵی ڕۆیشتن.

چواردە ڕۆژ دواتر، باوك و کوڕ سوار بەلەمێك بوون تا بڕۆن بۆ ستۆرلیدن و لە بارەی زەماوەندەکەوە بدوێن. هەوا ساف بوو، کوڕەکە وتی: جێگەکەم متمانەی لەسەر نییە، هەستا تا کەمێك ڕێکی خات. ئەو تەختەیەی کە لەسەری وەستابوو، خزا. دەستەکانی بەرەو هەردوو لا کرانەوە و هاوارێکی کرد و کەوتەوە ناو ئاوەکە.

باوکی هەستا و سەوڵەکەی بەرەو کوڕەکەی درێژ کرد و هاواری کرد: سەری ئەو سەوڵە بگرە. کوڕەکە چەند جارێك هەوڵی دا سەوڵەکە بگرێت، بەڵام بەهۆی سەرماوە بێ هۆش بوو.

باوکی هاواری کرد: بوەستە، سەوڵی لێ دا و بەرەو لای ڕۆیی. کوڕەکە پێچێکی دەخوارد و دەکەوتە سەرپشت. تەماشایەکی قووڵی باوکی دەکات و بەرەو ژێر ئاوەکە دەڕوات.

تورد باوەڕ ناکات، بەلەمەکە بە ئارامی ڕادەگرێت و ڕادەمێنێت بە دیار ئەو شوێنەوەی کە کوڕەکەی لێ نوقوم بوو، بەڵکو بێتەوە سەر ئاوەکە. چەند بڵقێك هاتنە سەر، چەند دانەیەکی تریش. لە کۆتاییدا یەك بڵقی گەورە هاتە سەرەوە و تەقی. دەریاچەکە دووبارە وەك ئاوێنە ئارام بوویەوە.

سێ شەو و سێ ڕۆژ، خەڵکی ئەو باوکەیان ئەدی کە سوار بەلەمەکەی بووە و بە دەوری ئەو شوێنەدا دەگەڕا کە کوڕەکەی لێ نوقوم بووە. خەو و خۆراکی نەبوو و بە دوایدا خۆی ئەکرد بە بنی ئاوەکەدا. بەیانی ڕۆژی سێیەم، کوڕەکەی دا بە شانیدا و بە گردەکەیا هەڵزنا و بەرەو کێڵگەکەی هاتەوە.

ساڵێك بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی. شەوێکی پایزی، درەنگە وەخت. قەشەکە گوێی لە دەنگێك بوو. کەسێك لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەدا بوو و ئارام تەقولبابی دەکرد، قەشەکە دەرگاکەی کردەوە. ئەو هاتە ژوورەوە، باڵا بەرز و چەماوە بوو. لاواز و سەرسپی. قەشەکە وتی: بەم درەنگە وەختە هاتووی؟ و بە بێدەنگی لەبەردەمیدا وەستا.

تۆرد وتی: بەڵێ ، درەنگە و دانیشت.

قەشەکەش دانیشت و چاوەڕوانی دەکرد. بێدەنگیەکە درێژەی کێشا. پاشان تورد وتی: شتێکم لەگەڵ خۆم هێناوە کە دەمویست خەرج بکرێت بۆ بێنەوایان. و پاشان هەستا و پارەکەی خستە سەر مێزەکە و دووبارە دانیشتەوە. قەشەکە پارەکەی ژمارد و وتی: بڕێکی زۆرە

- نرخی نیوەی کێڵگەکەمە؛ ئەمڕۆ فرۆشتم.

قەشەکە ماوەیەکی زۆر، بە بێدەنگی لە شوێنەکەی نەجووڵا. ئەوسا بە نەرمی پرسی: بیرت لەوە کردۆتەوە کە دەتەوێت چی بکەیت؟

- کارێکی باشتر دەکەم.

ئەوان ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی مانەوە. تورد تەماشای تەختی ژوورەکەی دەکرد و قەشەش تەماشای ئەو. ئەوسا قەشەکە بە نەرمییەوە وتی: لەو بڕوایەدام کە کوڕەکەت، خێر و بەرەکەتی بۆ هێناویت.

تورد وتی: منیش وەها بیر دەکەمەوە، تورد تەماشایەکی کرد و دوو دڵۆپ فرمێسکی گەورە کەوتنە سەر گۆناکانی (بازیار، ١٣٩٩) .

## چیرۆکی خورشید

**نورەدین زازا**

کوڕێکی باڵابەرز و چەلەنگ و بەخۆ بوو، ڕۆژێکیان لەبەر دەرگای ماڵی مەلا ڕاوەستا و گوتی:

- کوڕێکمان بووە، ناوێکی خۆش و جوانم لێت دەوێت، مەلاش کەمێك بیری کردەوە و پاشان سەری بەرزکردەوە و گوتی: با وەك ناوەکەی من ناوی (جەمشید) بێ و ئەو ناوەش لە گوندەکەدا تاکە، ئەوەش بە دڵی منە. بڕۆ پەنا بە خوا کوڕەکەت بۆ خۆت و بۆ میللەتەکەت بە سوود بێت.

خورشید، پاش ئەوەی کە سوپاسی مەلای کرد، هاتەدەر و بە دڵخۆشییەوە گەڕایەوە ماڵ.

پاش شانزە ساڵ ڕۆژێکیان خورشید دیسانەوە چووە بەر دەرگای ماڵی مەلا و وەك جاران بەهێز و شەنگ بوو، مەلای لێی پرسی:

- دیسانەوە چییە میرزا خورشید؟

- ئەمساڵ جەمشیدی کوڕم خوێندنی خۆی تەواو کرد و لە نێو هاوڕێکانیدا بەیەکەم دەرچوو، من دەمەوێ ئەمڕۆ بەو بۆنەیەوە، مەولوودێکی بۆ بخوێنمەوە، هیواخوازم ئەمشەو سەری خۆیتان بیەشێنن و بێنە ماڵمان و بە دەنگە خۆشەکەتان ئەو مەولوودەمان بۆ بخوێنن.

- جەمشید بەڕێزە، دەبێت ئەو مەولوودەی بە کوردی بۆ بخوێنم.

هەشت ساڵی دی تێپەڕین، خورشید جارێکی دی بە چەند پیاوێکەوە لەبەردەم ماڵی مەلا ڕاوەستا، مەلا لێی نواڕی و گوتی:

- تۆ ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر دەبی، لە ڕوخسارت گەنجێتی و ژیان دەردەکەون، چییە ئەوە؟

- بێ کێشەم سەیدا، بۆچی پیر ببم؟

- من دەمەوێ تۆ هەروا بمێنیتەوە، ئادەی پێم بێژە، دیسانەوە چی هەیە؟

- من بۆ کوڕەکەم کچی پیاوچاکێکم خواستووە، دەوڵەمەندە و پارەی زۆریشی داوا کردووە، بەڵام کوڕەکەم تاقانەیە و دەیهێنێ، بە کەرەمی خۆتان، بەڵکو مارەییەکەی ببڕن.

مەلا مارەیی بڕی و پیرۆزبایی لێکردن.

پاش چەند هەفتەیەك خورشید و جەمشید بە سواری بەلەمێکی بچووکەوە بەسەر چەمێکەوە بەرەو باژێڕ دەچوون، ئاوی چەمەکە خوڕ و قەڵبەزە بوو، لە دەوری مانگی گوڵاندا ئەمبەر و ئەوبەری چەمەکە بە گوڵ و سەوزایی ڕازابووەوە، خورشید تەماشای کوڕەکەی خۆی دەکرد و لەوێدا خۆی بە بەختیارترین کەسی دنیا دەزانی.

جەمشید وەك ئەوەی لە خەونێکدا بێت، بە باسکە بەهێزەکانی سەوڵی بەلەمەکەی دەهێناو دەبرد و بەلەمەکەی بەسەر ئاوەکەدا بەڕێ دەکرد، بەڵام هەندێك جار ئاگای لە خۆی نەدەما، خەیاڵی دەچوو بۆ شوێنێکی دی.

لە ناکاو سەوڵی بەلەمەکە دەترازێت و دەکەوێتە ئاوەکەوە، جەمشید بە زوویی دەستی برد بۆ سەوڵەکە تا بیگێڕێتەوە، لەم کاتەدا دەستەکەی دیشی بۆ سەوڵەکە دەبات و ئیدی خۆی بۆ ناگیرێ و دەکەوێتە ئاوەکەوە. بەڵام جەمشید مەلەوانی نەدەزانی، هەر بۆیە بە یەکجاری نوقمی ئاوەکە دەبێت و لەبەرچاو ون دەبێت، جارێك دەردەکەوێ و دەیکاتە هاوار، باوکیشی دەستی بۆ ڕادەکێشێ، بەڵام پێی ڕاناگات و جەمشید لەبەر چاوی باوکی دەکەوێتە بن ئاوەکە، جارێکی دی نایەتەوە سەر.

خورشید بە چاوی خۆی باوەڕی نەدەکرد و چاوەڕوانی دەرکەوتنەوەی کوڕەکەی خۆی دەکرد، وەلێ جگە لە چەند بڵقەبڵقێکی ئاو زێتر هیچ شتێکی دی بەدیار نەکەوت.

خورشید سێ شەو و سێ ڕۆژان لەو شوێنەدا مایەوە، بۆ سێیەم ڕۆژ جەستەی کوڕە خنکاوەکەی بە کۆڵی پشت بردەوە ماڵەوە، بۆ ڕۆژی پاشتر ناشتی.

پاش ساڵێك شەوێکیان لە دەرگای ماڵی مەلا دەدا، مەلاش لەبەردەمی خۆیدا مرۆڤێکی درێژ، پیر، ڕیش سپی و پشت چەماوەبووی بینی، سەرەتا نەیناسییەوە،

پاشان مەلا وردتر لێی نواڕی و گوتی:

- ئەرێ ئەوە تۆ خورشید نیت؟ بەم نیوەشەوە خێرە هاتوون!

- بەڵی منم، هاتووم بە ناوی جەمشیدەوە شتێکت بدەمێ، بۆ خوێندنی منداڵە هەژارەکانی گوندەکە، خورشید هەستا و کیسەیەك پارەی خستە سەر مێزەکە، مەلا گوتی:

- ئەم پارانە زۆرن.

- بەڵی، ئەمڕۆ من نیوەی زەوییەکانم فرۆشت، جەمشید دەیویست بە دەستی خۆی لە پێناو میللەتەکەی کارێکی گەورە بکات. بەڵام خوا نەیهێشت، ئێستاکە من قەرزەکەی ئەو دەدەمەوە.

مەلا دەستی گرت و بە دەنگی نزم پێی وت:

- جەمشید کوڕێکی باش بوو خوا لێی خۆشبێت، دەبینم زۆر کاری تێکردوویت، ئەو شتە لە منیش ڕووی داوە، وەرە با ئەو خۆشەویستییەی خۆمان بدەین بە منداڵانی گوند و لەوان لاوی بە توانا و هەڵکەوتوو پێبگەیەنین. خورشید لەسەر ئەو قسانەی مەلا برێك بیری کردەوە و پاشان سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی مەلای کرد، لە چاوەکانیداترووسکاییەکی دژوار هەبوو، خورشید تەواوی دی خۆی دابووە منداڵانی گوند.

خورشید بە ماڵ و سامانی، مەلا بە زانستەکانی خۆی بەشیبوویانە میللەت، پاش شانزە ساڵ لە گوند شایی پێگەیاندنی چل لاوی هەڵکەوتوو و هێژا و خوێندەوار و نیشتمانپەروەر ساز کرا و لەوێدا سەرچۆپی شاییەکەی گرتبووە دەست (زازا:٢٠١٦، ژ٥).

## ئەنجام

لە کۆتایی باسەکەدا و پاش خستنەڕووی چەمکە جیاوازەکانی کێڵگەی واتای لێبردن و وەرگرتن، دەبینین ئەم چیرۆکەی نورەدین زازا، لە چوارچێوەی لێبردنی ئەدەبی لە جۆری دەستکاریکراودا، جێی دەبێتەوە، چونکە تا ئێستا لە هیچ بەرهەمێکیدا ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەمە وەرگێڕان بێت، بەڵکو وەکو دەقی ڕەسەنی خۆی و وەك نوێنەری سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی دەرکەوتووە. ڕەنگە ڕۆژگارێك بەڵگەیەك یان شتێك بدۆزرێتەوە پێچەوانەی ئەمەی ئێمە بێت، بەڵام تا دەمی توێژینەوەکەمان، لەم پۆلێنەدا دەمێنێتەوە، کە چیرۆکەکە وەك ناوەرۆك و هێڵی گرێچن و لایەنی تەکنیکی گێڕانەوەش لێبردنە و تەنها لەگەڵ کۆمەڵگای کورددا گونجێنراوە بە گۆڕینی ناوی کەسێتی و شوێنەکان.

### سەرچاوەکان:

**زمانی کوردی:**


١. ئەرستۆ (٢٠٠٤)، هونەری شیعر، عەزیز گەردی، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
٢. بەرزنجی، عومەر مارف (٢٠٠٦)، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٣. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٠)، مەلا مەحمودی بایەزیدی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٤. پیرەمێرد ٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێرد، محەمەد ڕەسول هاوار، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٥. حەسەن، شێرزاد ٢٠١٤)، حەسارو سەگەکانی باوکم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
٦. خاڵ، شێخ محەمەد ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٧. زازا، نورەدین ٢٠١٢)، ژیانی کوردەواریم، باست حەمە غەریب، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٨. سیوەیلی، ڕێبوار ٢٠٢١)، کتێبی گۆران، چاپ یەکەم، کوردستان، ڕێکخراوی زەریاب.

٩. سەجادی. عەلائەدین (١٩٦٨)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.
١٠.سەجادی، عەلائەدین (١٩٨٧)، خۆشخوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.
١١.فرۆید، زیگمۆند (٢٠٠٥)، تەوتەم و تابۆ، ڕەزا منوچێهری، چاپی یەکەم ، چاپ و پەخشی ڕێنما.
١٢.قادر محەمەد، ئەنوەر (٢٠١١)، پرەنسییەکانی ئەدەبناسیی بەراورد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٣.کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، ئاستانەی سبەینێ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٤.سالم (٢٠١٦)، دیوانی سالم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. فاتح عەبدولکەریم. محەمەی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
١٥.هێمن (٢٧٠٨)، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی.
١٦.هێمن (١٤٠٠)، وتار و پەخشان ٢، چاپی یەکەم، دەزگای خانی، سەقز.
١٧.مەحموود، شنۆ محەمەد (٢٠١٢)، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٨.ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٩.زازا، نورەدین (٢٠١٦)، مەریوان عومەر دەوڵەت، گۆڤاری ئیلیان، مەلەفی چیرۆکە کورمانجییەکان "کەسکەسۆر"، ژمارە (٥)، کەلار.
٢٠.تاڵەبانی، شێخ ڕەزا (٢٠١٠)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
21. Cewerî,firat (2018), Antolojiya çîrokên Kurdî, çapa duyame,stembol, avesta

**زمانی فارسی:**

٢٢.داد، سیما (١٣٨٥)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم، انتشارات مروارید، تهران.
٢٣.اتابکی، پرویز (سال؟)، کلیات عبید زاکانی، انتشار کتابفروشی زوار، تهران- شاه اباد.

٢٤.ساجدی، طهمورث (١٣٨٧)، از ادبیات تطبیقی تا نقد ادبی، چاپ اول، تهران، انتشارات امیر کبیر.
٢٥.محمدی، ابراهیم (١٣٨٩)، مبانی نزری ادبیات تطبیقی، چاپ اول، انتشارات قهستان، بیرجند.
٢٦.لوته، یاکوب (١٣٨٨)، مقدمه‌ای بر روایت در ادبیات و داستان، امید نیك فرجام، چاپ دوم، انتشارات مینوی خرد، تهران.
٢٧.بیورنسون، بیورنستیرنه مارتینیوس (١٢٩٩)، ایلیا بازیار، کانون فرهنگی چوك،
http://www.chouk.ir/anjoman-dastan/dastane-tarjomeh/

**زمانی ئینگلیزی:**

28. J. A. Cuddon, A DICTINORY OF LITERARY TERMS AND LITERARY THEORY, First published:6 December 2012

## الملخص

## السرقة الأدبية  في قصة "خورشيد" لـ "نورالدين زازا"

هذا البحث بعنوان ((السرقة الأدبية  في قصة "خورشيد" لـ "نورالدين زازا"))؛ عملنا على قصة "خورشيد" لـ "نورالدين زازا". في البدء تحدثنا عن مفهوم ومصطلح (السرقات/ السرقة الأدبية)، ثم في إطار النظريات الأدبية اشرنا إلى تلك المصطلحات المتشابهة والمتقاربة من مصطلح السرقة الأدبية منها: الاقتباس، الأدب المقارن، التناص، التضمين، الترجمة، التقليد. وكل من تلك المصطلحات تختلف من حيث المعنى عن "السرقة الأدبية"، لأن السرقة الأدبية مصطلح تُستخدم في موضعٍ معين، وذلك عندما يأتي الكاتب أو الأديب بأخذ نصٍ أو نتاج أدبي معين بدون تصرفٍ أو بقليل من التصرف بدون الإشارة إلى المصدر المأخوذ منه، ونشرهِ بإسمهِ. كأن يتصرف في نتاج شخص آخر وينشره ويُعرفه كما لو أن هذا النتاج له.

من هذا المنظور عملنا على قصة"خورشيد"لـ "نورالدين زازا"، لأنها مقتبس من قصة"أب" لـ"بيورنس بيورنسون" بدون الإشارة إليها. وقمنا بمقارنة كلا النصين أو القصتين وقمنا بترجمة النص الأصلي إلى اللغة الكوردية ووضعنا كلاهما في نهاية البحث. كما أظهرنا، مستوى التصرف في القصة ولأجل أي غرضٍ أو مقصدٍ كانت. كما أننا قمنا بالسير على المنهج المقارن في البحث.

الكلمات الدالة: السرقة الأدبية، التناص، القصة، السرقة، انتحال

## Abstract

## Plagiarism in The Story of Khurshid by Noordin Zaza

This paper is entitled “Plagiarism in The Story of Khurshid by Noordin Zaza”. we worked on the story of Khurshid by Noordin Zaza. Firstly we have explained the concept and terminology of (plagiarism/literary theft), and then within the framework of literary theories we pointed out similar and closely related terms about plagiarism including “citation, comparative literature, intertextuality, incorporation, translation, and mimicry” each of which gives different meaning about plagiarism, as for plagiarism is when an author commit literary theft by unauthorized use or close imitation of the language and thoughts of another author and the representation of them as one's own original work without referring to the source which it has been copied from. From this perspective, we worked on the story of “Khurshid” by Noordin Zaza which has been taken from Bjørnstjerne Bjørnson’s story “The Father” without any reference to it. We set the two texts or stories side by side and compared them along with translating the original text into the Kurdish language and placing both texts at the end of the paper.

In addition, we showed for what purpose and to which extent the altering has been done. We also used the comparative method in the paper.


**Keywords**: literary theft, plagiarism, story, intertextuality, theft